# بنەما جوگرافیەکانی جۆرەکانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان

[1]پشتیوان جواد حمد ،[2] عدنان علی محمد صالح ،[3] سەرهەد طاریق محمد ،[4] گەرمیان حسێن علی

pshtiwanshexjawad@gmail.com
mamosta.adnan1988@gmail.com

**پوختە :**

گەشتوگوزار لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وەک پیشەسازییەکی نوێ دەناسرێت و لە ئابووریی نیشتمانی و دەستەبەرکردنی داهاتی نەتەوەییدا ڕوڵێکی گرنگ دەگێرێت. بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە، قەزای دوکان یەکێکە لە ناوچە گەشتوگوزارییە بەناوبانگەکانی هەرێمی کوردستان، کە خاوەنی چەندین بنەما و توانستی سروشتی و مرۆییە هەر لەبوونی دەریاچە و ڕووبار و شاخ و دارستانی سروشتی و شوێنی ئاینی و مێژووی و ...هتد کە وایکردووە ببێتە ناوچەیەکی خواستراو لەلایەن گەشتیارانەوە بۆ چەندین جۆری گەشتوگوزار .ئامانجی توێژینەوەکەمان کە بنەما جوگرافیەکانی جۆرەکانی گەشتوگوزارە لە قەزای دوکانە فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکانی کاریگەری لەسەریان هەیە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە پشتمان بە میتۆدی وەسفی و شیکاری و پراکتیکی بەستووە بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان، لە کۆتایدا توێژینەوەکە گەیشتوە بەچەند دەرئەنجامێك بەمەبەستی دانانی پلانێکی تۆکمە و ستراتیجی بۆ پەرەپێدانی جۆرە جیاوازەکانی گەشتوگوزار، بوونی توانستە سروشتی و مرۆییەکان هۆکاری سەرەکی زۆری جۆرەکانی گەشتوگوزارە کە دەتوانرێت بەدرێژایی ساڵ سوودی لێوەربگیرێت و ببێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ رەخساندنی هەلی کار و بوژاندنەوەی ناوچەکە، بەمەش دەتوانرێت بە بەردەوامی و بەبێ گۆڕان، سوودی ئابووری و کۆمەڵایەتیی لێ وەربگیرێت، هەروەها ناساندنی ناوچە گەشتیارییەکانە بە ڕووی گەشتیارانی دەرەوە و ڕۆڵێکی سەرەکیی لە بەرهەمی نەتەوەیی هەیە، چونکە دەکرێت لە ڕێگای ئەم کەرتەوە لە وەبەرهێنانی خۆماڵی و بیانی زیاتر بەرهەمە نەتەوەییەکان بەهێز بکەین، ئەویش لە ڕێگای بوونیاتنانی کۆمەڵگای گەشتیاریی گەورە لە ناوچە گەشتوگوزارییە گرنگەکان.

**وشە کلیلییەکان:** گەشتوگوزار ، جۆرەکانی گەشتوگوزار، توانستە سروشتی ومرۆییەکان، قەزای دوکان .

**پێشەکی :**گەشتوگوزار واتە گواستنەوەی مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بۆ ئەنجامدانی چەندین چالاکی گەشتیاری جیاواز، هەیە وەکو کات بەسەربردن و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و چارەسەری و وەرزشی و گەشتیاری بازرگانی و چەندانی تر. کار لەسەر گەشەپێدانی ئابووری و پشتگیریکردنی بزنسەکان دەکات، بەو پێیەی یارمەتی بەستنەوەی کولتوور و کۆمەڵگاکان دەدات، چەمکی گەشتیاری ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەدەسێنێت و چالاکییەکە بانگەشەی بۆ کراوە بۆ جۆرە جیاوازەکان لەگەڵ پەرەپێدانی ژێرخانی نوێی گەشتیاری، چەند بیرۆکەیەکی نوێ بۆ بەرەوپێشبردنی گەشتیاریش گەشە دەکات بەپێی پێویستی و ئارەزووی هەموو جۆرە گەشتیارێک، لەبەرئەوەی چەندین جۆری گەشتوگوزار لە ناوچەی توێژینەوەدا بەدیدەکرێت، ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و ئاووهەوا و تۆپۆگرافی و....هتد ، کە ئەمانە هۆکارن بۆ بوونی گەشتوگوزاری جۆراوجۆر

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12319]
- **Submission Date:** [03/10/2026], **Revised Date:** [03/10/2026], **Accepted Date:** [20/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

**کێشەی توێژینەوەکە :**

1. توانستە سروشتی و مرۆییەکان کاریگەریان لەسەر هەمە جۆری جۆرەکانی گەشتوگوزار
2. کام جۆر لە جۆرەکانی گەشـــتوگوزار لە قەزای دوکان پێگەیشتووتر و گەشەسەندووترە؟
3. ئایا خزمەتگوزارییەکان لە قەزای دوکان لەو ئاستەدایە کە چەندین جۆری گەشتوگوزاری تیادا پەرەپێبدرێت ؟

**گریمانەی توێژینەوەکە :**

أ-توانستە سروشتیەکانی ڕۆڵی سەرەکیان لە هەمە جۆری گەشتوگوزار لە قەزاکەدا هەیە.

ب- هەمەجۆری لە دیاردە تۆپۆگرافییەکان (چیا، دۆڵ، دەشت) و سەرچاوە ئاوییەکان (زێی بچووک و دەریاچەی دوکان) بووەتە هۆی پەرەسەندنی گەشتوگوزاری هاوینە و وەرزشی ئاوی .

پ- بنەما مرۆییەکان (وەک شوێنەوارە مێژوویەکان و گوندەکان) کەمتر ڕۆڵیان هەبووە لە چاو بنەما سروشتییەکان لە دیاریکردنی جۆرەکانی گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا.

ت- پەیوەندییەکی ڕاستەوانە و بەهێز هەیە لە نێوان هەمەجۆریی پێکهاتە جوگرافییەکانی قەزای دوکان و فرەچەشنی جۆرەکانی گەشتوگوزار (سروشتی، ئایینی، شوێنەواری، و وەرزشی) هەیە، بە جۆرێک کە هەر ناوچەیەکی جوگرافی لە ناو قەزاکەدا شیاوە بۆ جۆرێکی تایبەت لە چالاکی گەشتیاری.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە :**

1-دەرخستن و خستنەڕووی توانستە سروشتی و مرۆییەکانی جۆرەکانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان .

2-دابەشبوونی جوگرافی جۆرەکانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان .

**گرنگی توێژینەوەکە :**

1- دیاریکردنی توانستە جوگرافییەکان :دەرخستنی ئەو بنەما سروشتییانەی (وەک دەریاچەی دوکان، چیاکان، ئەشکەوتەکان) و بنەما مرۆییانەی کە قەزای دوکان دەکەنە ناوچەیەکی گەشتیاریی ستراتیژی.

2- هەمەجۆرکردنی جۆرەکانی گەشتوگوزار: توێژینەوەکە گرنگییەکی زۆری هەیە لە دەستنیشانکردنی جۆرە جیاوازەکانی گەشتوگوزار (وەک گەشتوگوزاری ئاوی، شاخەوانی، ژینگەیی، و شوێنەواری)، نەک تەنها کورتکردنەوەی لە گەشتوگوزاری وەرزییدا.

3- پەرەپێدانی ئابووری ناوخۆیی :دەرخستنی ڕۆڵی کەرتی گەشتوگوزار لە دابینکردنی هەلی کار و زیادکردنی داهاتی دانیشتوانی ناوچەکە وەک جێگرەوەیەک بۆ کەرتە تەقلیدییەکان.

4- نەخشەی ڕێگا بۆ وەبەرهێنەران: ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و وەبەرهێنەران تا بزانن چ جۆرە پرۆژەیەک لە کام ناوچەی قەزاکەدا گونجاوە و سەرکەوتوو دەبێت.

5-پاراستی ژینگە و گەشەپێدانی بەردەوام: جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی چۆن دەکرێت گەشتوگوزار پەرەی پێ بدرێت بەبێ ئەوەی زیان بە سیمای سروشتی و ژینگەی ناوازەی دوکان بگەیەنرێت.

**میتۆدی توێژینەوەکە :**

أ-لەم میتۆدە پشت بە میتۆدەکانی ( وەسفی – شیکاری – پراکتیکی) بەستراوە، کە زانیاریەکان ڕاستەوخۆ لەناوچەی توێژینەوەوە وەرگیراوە.

**پلانی توێژینەوەکە:**

یەکەم:ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

دووەم : توانستە سروشتییەکانی گەشتوگوزاری قەزای دوکان

سێیەم: توانستە مرۆییەکانی گەشتوگوزاری قەزای دوکان

چوارەم : چوارەم : جۆرەکانی گەشتوگوزار و دابەشبوونی لە قەزای دوکان

پێنجەم : دەرئەنجام و پێشنیار


لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم : ناساندنی ناوچەی توێژینەوە**

قەزای دوکان لەقەزاکانی سەربەپارێزگای سلێمانی ودەکەوێتە باکووری خۆرئاوای پارێزگاکە، بەشی باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق ، ئەوەی تایبەتە بەشوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە، دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (=34 ־35 °35) و (=51 ־12 °36) باکور وهەردوو هێڵی درێژیی(=18 ־42 °44) و(25= 20= °45)ی خۆرهەڵات، لەڕووی کارگێرییەوە بەشی باکووری خۆرهەڵاتی هاوسنوورە لەگەڵ قەزای پشدەر، باکوری خۆرئاوای لەگەڵ قەزای ڕانیە، هەریەک لە قەزاکانی کۆیە

و چەمچەماڵ دەکەونە بەشی خۆرئاوای، قەزاکانی ماوەت و چوارتا دەکەونە بەشی باشوری خۆرهەڵاتی، نەخشەی(1)

نەخشەی(1) شوێنی جوگرافی قەزای دوکان لەسەر ئاستی پارێزگا و کوردستان و عێراق




سەرچاوە/ ئامادەکراوە بەپشتبەستن بە:-

1-بەرنامەی (Arc Gis 10.2)

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری (GIS),پێگەی قەزای دوکان لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی,2024.

هەریەکێك لەوناحیانەش کۆمەڵێك گوند لەخۆدەگرن. تێکرای گوندەکانی قەزای دوکان دەگاتە(163)کەبەسەر ناحیەکان دابەشکراون[1] ناوچەی توێژینەوە هەر لە سەرەتای بوون بە قەزا چەندین جار لەڕووی ڕووبەرەوە گۆرانی بەسەردا هاتووە، ئەویش بەهۆی گۆڕانکاری لەڕووی کارگێری و ڕامیاری کە لەناوچەکەدا کراوە، لە کاتی ئێستادا کۆی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە دەگاتە(1783.5کم$^2$) لە کاتێکدایە ڕووبەری پارێزگای سلێمانی دەگاتە (11423.7کم$^2$) بەمەش بەرێژەی (15.6)ی پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنێت، خشتەی(1) وشێوەی(1) و نەخشەی(2)[2] سنوری قەزای دوکان لەڕووی کارگێرییەوە قەزای دوکان لە(6)ناحیە پێکهاتووە کەبریتین لە(ناحیەی سەنتەر, سورداش, پیرەمەگروون, خەلەکان, خدران, بنگرد) و هاوسنورە لەگەڵ (7)قەزا، نەخشەی(3).

نەخشەی(2)دابەشبوونی چڕی دانیشتوانی قەزای دوکان لەسەر ئاستی یەکە کارگێرییەکان (کەس/کم)بۆ ساڵی 2023




1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دوکان، بەشی GIS، 2023، بڵاونەکراوە.

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان ، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئامار و توێژینەوەکانی دانیشتوان، ئاماری ساڵی 2023، پشت بەست بە ژمارەی دانیشتوانی ساڵی 2009.

خشتەی(1) ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانی قەزای دوکان بۆ ساڵی (2023)


| ژمارە | یەکە کارگێرییەکان | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژە٪ | ڕووبەر کم$^2$ | چڕی٪ (کم$^2$/ کەس) |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ناحیەی سەنتەر( دوکان ) | 14520 | 23.1 | 139.4 | 104.1 |
| 2 | پیرەمەگروون | 34550 | 55 | 367.2 | 94 |
| 3 | بنگرد | 3812 | 6 | 655.3 | 5.8 |
| 4 | سورداش | 1100 | 1.8 | 294.2 | 3.7 |
| 5 | خەلەکان | 6720 | 10.7 | 115.8 | 58 |
| 6 | خدران | 2020 | 3.2 | 211.6 | 9.5 |
| کۆی گشتی | | 62722 | 100 | 1783.5 | 35.1 |

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12319]
- **Submission Date:** [03/10/2026], **Revised Date:** [03/10/2026], **Accepted Date:** [20/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

**سەرچاوە :**

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان ، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئامار و توێژینەوەکانی دانیشتوان، ئاماری ساڵی 2023، پشت بەست بە ژمارەی دانیشتوانی ساڵی 2009

شێوەی (1) ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دوکان بۆ ساڵی ( 2023 ) (کم$^{2}$)




سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی(1)

زنجیرەچیای بازیان و دەشتی کەڵەوانان, بە هێڵی جیاکەرەوەیان دادەنرێت.هەروەها لەباکوری خۆرهەڵاتدا لەگەڵ قەزای پشدەر هاوسنورە, زێی بچوك بەهێڵی جیاکەرەوەیان دادەنرێت. هەردوو قەزای ماوەت و چوارتا دەکەونە بەشی خۆرهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە, چیاکانی سیرۆك و گۆمەزەڵ و ژیلوان و مام سەفەر بەهێڵی جیاکەرەوەیان دادەنرێت. قەزای کۆیە کە سەر بە پارێزگای هەولێرە, هاوسنورە لەگەڵ بەشی باکوری خۆرئاوای کە زنجیرە چیای هەیبەت سوڵتان بە هێڵی جیاکەرەوەیان دادەنرێت, قەزای چەمچەماڵ هاوسنورە لەگەڵ بەشی باشوری خۆرئاوای ناوچەی توێژینەوە و زنجیرە چیای گەورەدێ و چەمی زەرزی بەهێڵی جیاکەرەوەیان دادەنرێت([3]).

نەخشەی(3) یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دوکان




**سەرچاوە :**

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان ، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئامار و توێژینەوەکانی دانیشتوان، ئاماری ساڵی 2023، پشت بەست بە ژمارەی دانیشتوانی ساڵی 2009.

(arc map GIS 10.8.3)-2

**دووەم : توانستە سروشتیەکانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان**

**توانستە سروشتیەکان:** مەبەست لێی ئەو توانستە سروشتیانەیە کە ناوچەیەکی جوگرافی هەیەتی و مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکی لە دروست بونیان نییە، یان دابەشبوونە جوگرافیەکەی، کە گرنگترینیان شوێنی جوگرافی و ڕووخسارەکانی ڕووی زەوی، ئاووهەوا، ڕووەکی سروشتی، ئاژەڵ و باڵندەی کێوی... هتد .

**بەرزی و نزمی :** دیاردەیەکی سرووشتیە بە مانای دیاردە جیاوازەکانی شێوەی ڕووی زەوی و پلەی لێژی و ئاستی بەرزونزمی لە ڕووی دەریاوە دێت، ئەمەش بەرهەمی ئەو گۆرانکاریانەیە کە بە درێژای چاخە جیۆلۆجیەکان بەسەر ناوچەکان هاتوون وەک جوڵەی تەکتۆنی و چەمانەوە و شکان و قڵیشانی زەوی کردارەکانی کەشکاری و ڕامالین و نیشتاندن([4]) ناوەندی بەرزی ناوچەی توێژینەوە (550)م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، هەندێ

شوێنیشی دەگاتە (650م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە ناوچە شاخاوییەکان, بەشەکانی ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات و ڕووبەرێکی کەمی بەشی ناوەڕاست و باکوری ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە, ڕووبەرەکەی دەگاتە416102کم$^2$), بەوپێیە (23.3%) ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە پێکدێنێت. هەرچی ناوچەی دۆڵەکانە ڕووبەرەکەی دەگاتە457149کم$^2$) کە دەکاتە(25.6%). هەروەها ناوچەی دەشت و زورگەکانە, تەواوی بەشەکانی تری قەزای دوکان پێکدێنن, ڕووبەرەکەیان دەگاتە 908597کم$^2$ بەو پێیە (50.9%) سەرجەمی گشتی ناوچەی توێژینەوە پێک دێنێت، وەکو ناوچە شاخاویەکانی پیرەمەگروون، مێرگەپان، سارا، کە چەندینچالاکی جیاوازی گەشتوگوزاری تیادا ئەنجام دەدرێ([5])

**ئاووهەوا :** ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە پێکهێنانی زۆربەی دیاردە سروشتییەکانی سەر ڕووی زەوی و کاریگەری لەسەر چالاکیە مرۆییەکان، ئاووهەوای ناوچەی توێژینەوە تایبەتمەندییەکی لەبار و گونجاوی هەیە کە لەبارە بۆ چالاکیە گەشتوگوزارییەکان، کە لە جۆری ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست Csa یە، بەگوێرەی پۆلێنکاری (کۆپن) ئەمەش بە واتای زستانی سارد و باراناوی و هاوینی وشک و گەرم، دابارینی لە هەر سێ شێوەکەیدایە،( باران، بەفر، تەرزە) ڕێژەیان لە زۆری و کەمی لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێت، زۆربەی ساڵەکان ڕێژەی دابارین لە 500 ملم زیاترە، تەنیا لەماوەی ساڵانی 2007-2008 نەبێت کە لەم ڕێژەیە کەمترە، بەجۆرێک لە ساڵی 2019 زۆرترین ڕێژەی باران بارینی بەخۆوەبینی کە لە 870 ملم زیاتر بووە، کە بووەهۆی سەرڕێژبونی بەنداوی دوکان ،وە کاریگەری ڕەگەزەکانی ئاووهەوا بەتایبەتی( پلەی گەرما، شێی ڕێژەیی، خێرایی با، تیشکی خۆر .... هتد ) کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی حەوانەوە و ئاسوودەیی لەسەر گەشتیاران و دیاریکردنی کات وشوێنی گەشتەکان بەپێی وەرزەکان([6])

**پلەی گەرمی :** بریتیە لە بزوێنەرێکی سەرەکی بۆ هەموو پێکهاتەکانی ئاووهەوا، کە سەرچاوەی سەرەکی ئەم گەرمیە لەسەر ڕووی زەوی تیشکی خۆرە، پلەی گەرمی لێرەدا جیاوازی ڕوون و ئاشکرا لەنێوان بەرزترین و نزمترین پلەی گەرمی تێدا بەدیدەکرێت، ئەویش بەهۆی جیاوازی بەجۆرێک بەرزترین پلەی گەرمی 42 پلەی سەدییە لە مانگی تەمووزدا، نزمترین پلەی گەرمیش 3 پلەی سەدییە لە مانگی کانوونی دووەم، لەبەرئەوە پلەی گەرمی بە گرنگترین ڕەگەزی ئاووهەوای گەشتوگوزاری دادەنرێت، کە کاریگەری زۆری لەسەر پشووی مرۆڤ وچالاکیەکانی هەیە، باشترین پلەی گەرمای نموونەیش لەنێوان (18-25) دایە، کە ئەمەش دەگۆڕێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر .

**دەرامەتی ئاو:** پەیوەندییەکی توند و بەهێزی لەگەڵ پەیدابوون و گەشەکردنی گەشتوگوزاردا هەیە، سامانی ئاو کە خۆی لە شێوەکانی ( دابارین، ئاوی سەرزەوی، ئاوی ژێرزەوی) دەبینێتەوە، دابارینی تیایدا زیاتر لە شێوەی بارانە و دواتر بەفر، ناوچەکە دەوڵەمەندە بە ئاوی سەرزەوی چونکە زێی بچووکی پێداتێپەڕ دەبێت، کە بەنداوی دوکانی لەسەر دروستکراوە، تێکڕای لەبەر ڕۆیشتنی ئاوەکەشی دەگاتە 180م$^2$ لە چرکەدا، کە ئەمەش چەندین سوودی لە بوارەکانی ئابووری و گەشتوگوزار و کشتوکاڵ بەجۆرێک 2ی نیسانی 2019 بەنداوی دوکان پڕبوو لە ئاو، سەر ڕێژبوونی بێلماوسی بەنداوەکە (کونێکی کۆنکرێتی گەورەی دروستکراوە) کەوت، لە کاتی دروستبوونی ئەم بەنداوە ئەمە دووەم جارە پڕ دەبێت، ساڵی 1988 بۆ یەکەمین جار ئەم بەنداوە پڕبۆوە، وێنەی (1)بێلماوسەکەی دوکان لەکاتی سەرڕێژبوونی ئاو لە ساڵی 2019([7]) بەهۆی بوونی بەنداوی دوکان و زێی بچوك، گرنگیی زیاتر بە سامانی ماسی دراوە لە سنورەکەدا و بە سەدان خێزان بژێوییان لەسەر بەخێوکردن و ڕاوکردنی ماسییە، ئەوەش خۆی دەبینێتەوە لە ماسیی جۆراوجۆر کە بۆ بازاڕەکانی ناوخۆی کوردستان و هەندێکجار بۆ باشوری عێراق


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12319]
- **Submission Date:** [03/10/2026], **Revised Date:** [03/10/2026], **Accepted Date:** [20/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

و دەرەوش دەنێردرێت، کەواتە قەزای دوکان لەڕووی سامانی ماسییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئابوریی هەرێمی کوردستان

کەواتە دەتوانین بڵێین توانستە سروشتیەکانی ناوچەی توێژینەوە، ڕۆڵێکی سەرەکیان لە ڕاکێشانی گەشتیاران هەیە، چونکە سەرجەم بنەما سروشتیەکانی تیادا بەدیدەکرێت، هەموو ئەمانەش بۆ خۆیان بنەمایەکی گرنگن لە گەشتوگوزار، چونکە هەر گەشتیارە و بۆ مەبەستێکی تایبەت سەردانی ئەم ناوچانە دەکات، بۆ نموونە لە مانگە گەرمەکان، گەشتیاران ڕوو لە بەنداوی دوکان و زێی دوکان دەکەن، بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش و دوورکەوتنەوە لە گەرمای تاقەت پڕوکێنی وەرزی هاویندا.

وێنەی(1) بێڵ ماوسەکەی دوکان



سەرچاوە: کاری توێژەران2019

هەندێک لایەن وا باسی گەشتوگوزار دەکەن کە ئەم چالاکیە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان دیاردەیەکی ئابووری بێت، هەر لەبەرئەمەشە بە گەشتوگوزار زۆرترین خزمەت بە سەرجەم بوارەکان دەکات، بەتایبەتی ئەگەر ناوچەکە توانستە سروشتی و مرۆییەکانی تیادا فەراهەم کرابێت(8) توانستەکان ئەو تایبەتمەندییانەن کە هەر هەرێمێکی جوگرافی هەیەتی و گونجاوە بۆ ئەنجامی جۆرە چالاکیەکی گەشتوگوزار، هەرچی تایبەتیشە بە توانستە گەشتوگوزارییەکان ئەو توانستانە دەگرێتەوە کە دەبنە بنەمایەکی بەهێز بۆ پەیدابوون و گەشەکردنی چالاکی گەشتوگوزاری، ئەم بنەمایانە هێزێکی ڕاکێشانیان هەیە کە دەبنە مایەی هەڵبژاردن و سەردانیکردنی ناوچەیەک لەلایەن گەشتیارانەوە.

**سێیەم : توانستە مرۆییەکانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان**

ئەو توانستە گەشتوگوزارییانە دەگرێتەوە کە لە هەرێمێکی جوگرافی دا هەن و مرۆڤ ڕۆڵی هەیە لە پەیدابوون و دابەشبوونی جوگرافیان، واتە بەرهەم و دەستکردی مرۆڤن، توانستە گەشتوگوزارییە مرۆییەکانیش بریتین لە (ژمارە و پێکهاتەی دانیشتوان، شوێنەوارە مێژوویی و شارستانییەکان، ئاسانکاری و خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان کە لەڕێگەی ژێرخان و سەرخانی ئابوورییەوە دابین دەکرێن ) کەواتە توانستە گەشتوگوزارییەکان ئەو بنەما گەشتوگوزاریانەیە کە لە هەرێمێکی جوگرافیدا بوونیان هەیە هێزی ڕاکێشانیان تێدایە و وا لەو گەشتیارانە دەکات گەشت بکەن بۆ ئەو شوێنە(9) توانستە جوگرافییە گەشتوگوزارییەکان ئەو توانستانە دەگرێتەوە کە دەبنە بنەمای پەیدابوون و گەشە کردن و پەرەوپێشچونی چالاکیی گەشتوگوزاری و شان بەشانی دەزگای کارگێری و ئابوورییەکان، یەکێک لە بنەماکانی بووژانەوەی ئەو کەرتە و پەرەپێدانیەتی. ئەم بنەمایانە سروشتی بن یاخود مرۆیی، تا ناوچەکە بە توانستە گەشت و گوزارییەکان دەوڵەمەندتر بێت، هێزی ڕاکێشانی گەشتیاران زیاتر دەبێت و دەبێتە هۆی پەرەپێدانی بزاڤی گەشتیاری وەکو ( هۆتێل ئاشوور، بەنداوی دوکان، دەریاچەی دوکان، ئەشکەوتی جاسەنە، ئەشکەوتی زەرزی و سەیرانگای چەمی ڕەزان و مێرگەپان و شاخی پیرەمەگروون و مۆنۆمێنتی ئەنفال .... هتد )(10)

کەرتی گەشتوگوزاری تەنها لایەنی سروشتی نییە، بەڵکو هۆکارێکی گرنگیشە بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری و ڕاکێشانی گەشتیاران، لەوانەش( بوونی شوێنەواری دێرین کە ناو و ناوبانگی ناوچەیی هەبێت، کە دەتوانرێت لێوەی هۆکارێک بێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیارانبۆ ناوچەکە، وەک هەبوونی ئەشکەوتی جاسەنە و

.

ئەشکەوتی قزقاپان لە چەمی ڕەزان لە ناوچەی تویژینەوە، گرنگترین بنەماکانیش وەک ( دانیشتوان، توانستە مێژوویی و شوێنەواری و ئاینییەکان، توانستە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان، گواستنەوە)

**دانیشتوانی قەزای دوکان :** ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی تویژینەوە لە نێوان ساڵانی (1920-1977)بەردەوام لە زیادبوون و گۆرانکاریدابووە، بەجۆرێک لەسەرژمێری ساڵی (1977)ژمارەی دانیشتوانی تەنها (3940)کەس بوە، لە هەمانکاتدا یەکەمین سەرژمێری بووە تیایدا، لە ساڵی (1987) بۆتە (21851)کەس، بەگوێرەی ئاماری ساڵی (2021) بۆتە (84251) کەس([11])

زۆریی ژمارەی دانیشتوان یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر گەشەکردنی کەرتی گەشتوگوزار هەیە. زۆرجار وا بیر دەکرێتەوە کە قەرەباڵغی تەنیا گرفتە، بەڵام لە ڕاستیدا دانیشتوانێکی زۆر "بزوێنەری" سەرەکیی ئەم پیشەسازییەن.

لێرەدا گرنگترین خاڵەکان دەخەینە ڕوو:.

**١ .دابینکردنی هێزی کار(Labor Force)**

گەشتوگوزار پیشەسازییەکە کە پشت بە مرۆڤ دەبەستێت. بۆ بەڕێوەبردنی هۆتێلەکان، چێشتخانەکان، کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و ڕێبەرایەتی گەشتیاری، پێویستت بە ژمارەیەکی زۆر لە هێزی کاری لێهاتوو هەیە. زۆریی دانیشتوان واتا دەستکەوتنی ئاسانتر و هەرزانتری هێزی کار.

**٢ .گەشتوگوزاری ناوخۆیی(Domestic Tourism)**

وڵاتانی وەک چین، هندستان، یان ئەمریکا، تەنانەت ئەگەر گەشتیاری دەرەکیشیان بۆ نەیەت، بەهۆی زۆریی دانیشتوانیانەوە کەرتی گەشتوگوزاریان هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە. دانیشتوانی ناوخۆ بازاڕێکی بەردەوام و جێگیرن بۆ ناوچە گەشتیارییەکان، بەتایبەت لە کاتی قەیرانە نێودەوڵەتییەکاندا.

**٣ .پەرەپێدانی ژێرخان(Infrastructure)**

حکومەتەکان کاتێک دەبینن ناوچەیەک دانیشتوانێکی زۆری لێیە، ناچارن ڕێگاوبان، فڕۆکەخانە، سیستەمی گواستنەوەی گشتی (وەک میترۆ و شەمەندەفەر) و تۆڕی پەیوەندییەکان پەرە پێ بدەن. ئەم ژێرخانانە کە بۆ دانیشتوان دروست دەکرێن، دەبنە ئاسانکارییەکی گەورە بۆ گەشتیارانیش.

**٤ .فرەچەشنیی کولتووری(Cultural Diversity)**

زۆریی ژمارەی دانیشتوان زۆرجار فرەیی لە دابونەریت، فێستیڤاڵ، جۆرەکانی خواردن و شێوازی ژیان دروست دەکات. گەشتیاران هەمیشە بەدوای بینینی کولتووری جیاوازدا دەگەڕێن. شارە قەرەباڵغەکان بەهۆی تێکەڵاویی مرۆییەوە دەبنە ناوەندی سەرنجی گەشتیاران.

**٥ .ڕاکێشانی وەبەرهێنان**

کۆمپانیا گەورەکانی جیهان (وەک زنجیرە هۆتێلەکان و مۆڵە گەورەکان) لەو شوێنانەدا وەبەرهێنان دەکەن کە دڵنیان "کڕیار" و "بەکارهێنەر"ی زۆرە. ژمارەی زۆری دانیشتوان گەرەنتییە بۆ سەرکەوتنی پرۆژە گەشتیارییە گەورەکان.

گواستنەوە : شوێنی جوگرافی قەزای دوکان پێگەیەکی گرنگی پێبەخشیوە لە نێو پارێزگای سلێمانی، چونکە قەزاکە کەوتۆتە سەر ڕێگای سەرەکی سلێمانی – هەولێر. هاوسێ و نزیکە لە چەند قەزایەکی تر کە ناوبانگی گەشتیاریان هەیە، وەکو قەزای مەڵبەندی سلێمانی، کە دەکەوێتە باشوری قەزای دوکان بە دووری(71کم) و ڕانیە، کە دەکەوێتە باکوری ناوچەی تویژینەوە بەدووری (67کم) وەقەزای کۆیە کە دەکەوێتە باکوری خۆرئاوایەوە بە دووری (41کم)([12]) قەزای پشدەر دەکەوێتە بەشی باکووری خۆرهەڵاتیەوە بە دووری (94کم)()کەواتە شوێنی جوگرافی بە هەموو لایەنەکانیەوە کاریگەری لەسەر پیشەسازی گەشتیاری هەیە، جا ئەو کاریگەرییە ڕاستەوخۆ یاخود نا ڕاستەوخۆبێت، چونکە ڕۆڵێکی بینیووە لە دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی توخمەکانی ئاووهەوا و جۆری ڕووەکەکان بەلایەنە سروشتیەکانی گەشتوگوزار، لەلایەکی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12319]
- **Submission Date:** [03/10/2026], **Revised Date:** [03/10/2026], **Accepted Date:** [20/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

تریش شوێنی جوگرافی لە بابەتە بنچینەییەکان کاریگەری بەهێزی هەیە و هەمەلایەنە لەسەر هەموو لایەنە چالاکیەکانی مرۆیی ([13])

**چوارەم : جۆرەکانی گەشتوگوزار و دابەشبوونی لە قەزای دوکان**

هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و بوونی بنەما سروشتی و مرۆییەکان، وایکردووە کە زۆرینەی جۆرەکانی گەشتوگوزاری تیادا دەربکەوێت، لێرەدا لە گرنگترین جۆرەکانی گەشتوگوزار لە ناوچەی توێژینەوەدا دەخەینەڕوو :-

**1-گەشتوگوزاری ئاوی**

بەپێی بۆچوونەکانی ڕێکخراوی گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی ( W.T.O) ژمارەی گەشتیاران بۆ ساڵی 2020 گەیشتۆتە (1.6) ملیار گەشتیار کە ئەمەش پەستانێکی زۆر دەخاتە سەر دەرامەتەکانی ئاو، کە بە پێکهاتەی سەرەکی گەشتوگوزار دادەنرێت([14]) زێی بچووک یان زێی کەڵوێ ڕووبارێکی کوردستانە کە لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت و باشووری کوردستان تێپەڕ دەکات و دەڕێژێتە سەر ڕووباری دیجلە. درێژاییەکەی 400 کیلۆمەترە و لە بەشێکیدا سنووری ئێران و عێراق دەستنیشان دەکات. سامانی ئاو ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیاران، هەروها دەرکەوتووە کە چالاکیە گەشتوگوزارییە ئاوییەکان زۆرترین و کاریگەرترین و بەناوبانگترینن لەڕووی گەشتوگوزارەوە لەلایەن گەشتیارانەوە، لەلایەکی تریشەوە ئاو بۆ پێویستیەکانی گەشتوگوزار گرنگە، لە ناوچەی توێژینەوەدا هەموو جۆرەکانی دەرامەتی ئاو دەبیندرێت لەوانەش ( داباریین ، ئاوی سەرزەوی، ئاوی ژێرزەوی ([15]) )

**بەنداوی دوکان:** بەردی بناغەی ئەم بەنداوە لە ساڵی 1954دا لەلایەن (مەلیک فەیسەڵی) دووەمەوە داندرا، لە بناغەکەیدا مەلیک فەیسەڵ فلسیکی عێراقی دانا وەک هێمایەک بۆ ئەو سەردەمە کە بچووکترین دراوی ئەو سەردەمە بوو، کارکردن لە پڕۆژەکەدا لە هەمان ساڵدا دەستپێکرد و ساڵی 1959 تەواوبوو و پڕۆژەکەش لەلایەن کۆمپانیای ( دۆمیزی بالوتی ) فەڕەنسیەوە و بەسەرپەرشتی هەر دوو کۆمپانیای (دیکن و کۆرلی ) جێبەجێکرا . ئەم بەنداوە لەدەربەندی دوکان لەسەر زێی بچوک دروست کراوە و دەکەوێتە خۆرئاوای دەشتی ڕانیە و لە خۆرئاوای شاری سلێمانیەوە بە (60 ) کیلۆمەتر دوورە ([16]) هەر لە چوارچێوەی گەشتوگوزاری ئاوی، سەیرانگای قەشقۆڵی هەیە، کە بە گەشتوگوزاری ئاوی بەناوبانگە و بەوە ناسراوە ژمارەیەکی زۆر لەو گەشتیارانەی سەردانی ناوچەکە دەکەن، ڕوو دەکەنە ئەم شوێنە، ئەمەش لەبەرئەوەی توانستە سروشتی و مرۆییەکانی گەشتوگوزاری تیادا بەرجەستەیە، گەشتیار دەتوانێت زۆر بە ئاسانی بەم ناوچەیە بگات، وێنەی(2) سەیرانگای قەشقۆڵی.

وێنەی(2) سەیرانگای قەشقۆڵی




سەرچاوە: توێژەران -27-8-2025

**2-گەشتوگوزاری حەوانەوە و مانەوە**

هۆتێل عاشور مەلەوانگەیەکی دەرەوەی وەرزی و سەنتەری لەشجوانی و باخچە و هۆڵێکی هاوبەشی لە دۆکان هەیە، وێنەی(3) هۆتێل ئاشوور دەکەوێتە سەر ڕۆخی دەریاچەی بەناوبانگی دۆکان وبەتایبەتی داخوازییەکانی بازاڕی گەشتوگوزار لە ڕۆژانی وەرزی هاوین و پشودا دابین دەکات، لەم هۆتێلەدا شوێنی گونجاو بۆ مانەوەی گەشتیاران دابینکراوە، لەگەڵ ئەوپەڕی جۆرەکانی خزمەتگوزاری، هەروەها زۆرجار لەم هۆتێل و شوێنی مانەوەدا

کۆبوونەوە سیاسیەکان لە سەر ئاستی باڵای هەرێمی کوردستان تیایدا بەڕێوەدەچێت ([17])

وێنەی (3) هۆتێل ئاشوور



سەرچاوە: کاری توێژەران2025-4-1

**3-گەشتوگوزاری ئایینی**

لە چەندین ناوچەی توێژینەوەدا شوێنی ئایینی هەیە، کە گەشتیارانی بەشێوەی جیاواز لەکاتەکانیاندا سەردانی دەکەن، لەوانەش :-

**أ-مەزارگەی شێخ ئیسماعیلی عەوەڵان:** بە شوێنەوار و مەنزڵگایەکی پیرۆزی دادەنرێت لەلای موسڵمانانی پەیرەوەی تەریقەتی قادری، گوندی عەوەڵان دەکەوێتە نێوان گوندەکان زەرزی – قوچەبڵاغ و عیسی بەگی و چەندین گوندی تر، سەر بە ناحیەی سووورداشە، لەسەر ڕێگای سەرەکی تابین – چەمی ڕێزان بەدووری 13کم.

**ب-مەزارگەی پیرەمەگروون :** دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای شاری سلێمانی، لە بنەڕەتدا پیر عومەری گودرونە، یان پیرە مارە گدروونە، بەناوی پیاو چاکێکەوە ناونراوە، گوایە ناوی پیر عومەر بووە و چیای پیرەمەگروونی کردووە بە مەنزڵگا و خەڵوەتگەی خۆی، بەتێپەڕبوونی کات پیر عومەر گدروون گۆڕاوە و بووە بە پیرەمەگروون، پیرێکی بزاڤی کاکەییە.

**پ-تەکیە و خانەقای شەدەڵە :** لە گوندی شەدەڵەی سەر بە ناحیەی سورداشە، مەزارگەی شێخ عەبدولکەریم دامەزرێنەری بزوتنەوەی حەقەی لێیە، دەکەوێتە خۆرئاوای شاری سلێمانی بەدووری (50)کم، گوندی شەدەڵە مەڵبەندێک بووە بۆ سەرهەڵدانی بانگەوازی ( خاوەنی ڕاستی ) یاخود ( حەقە )، پەیڕەوانی ئەم تەریقەتە لە زۆربەی ڕۆژەکانی ساڵ و بەتایبەت و دیاریکراوی لە بۆنە ئایینی و جەژنەکاندا سەردانی دەکەن ([18])وێنەی(4).

وێنەی (4) مەزارگەی پیرەمەگروون



سەرچاوە: توێژەران – پایزی 2025.

**4-گەشتوگوزاری شوێنەواری و مێژوویی**

لەناوچەی توێژینەوەدا چەندین شوێنەواری گرنگ و مێژووی بوونیان هەیە، وایکردووە جێگای تێرامان و سەردانیکردنی گەشتیارانی شوێنەواری و مێژوویی بێت،شوێنەوارە مێژووییەکان بە ڕەگەزێکی گرنگ لە سەرنجدان و ڕاکێشانی گەشتیاران دادەنرێت، لە هەر ناوچەیەکدا هەبێت، لەبەرئەوە شارەزابوون لە مێژووی ناوچەکە بە پێویست دەزانرێت بۆ تێگەیشتن لە ڕەگەزەکانی کێشکردنی گەشتیاری مێژوویی ([19])ئەوانیش:-

**أ-ئەشکەوتی زەرزی :**دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای شاری سلێمانی، بە دووری 50کم، لە باکووری گوندی زەرزی هاوینەهەواری چەمی ڕێزانە، ڕووبەری 64م، لەڕووی گەشتیارییەوە بایەخێکی گرنگی هەیە، دەکەوێتە دامێنی چیای کونەکۆتر ئەم ئەشکەوتە بەشێوەیەکی بەردەوام لەلایەن گەشتیارانەوە سەردانی دەکرێت، لەبەرئەوەی ئەشکەوتێکی سەرنجڕاکێشە و دەکەوێتە شوێنێکی یەکجار دڵگیرەوە،

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12319]
- **Submission Date:** [03/10/2026], **Revised Date:** [03/10/2026], **Accepted Date:** [20/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

سروشتێکی جوانی پێ بەخشیوە([20]) بەهۆی ئەوەی دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی دوکان – سلێمانی، و نزیک سەرچاوەی ئاوی تابین ، ئەشکەوتی قزقاپان لە دەشتی چەمی ڕێزان لە پارێزگای سلێمانی مێژووەکەی بۆ چاخی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە([21])

**ب-ئەشکەوتی جاسەنە:**

هەڵکەوتەی جوگرافیایی ئەم ئەشکەوتی دەکەوێتە ٥٠ کم ڕۆژئاوای سەنتەری پارێزگای سلێمانی، لە ناوچــەی سورداش، لەسەر ڕێگای سەرەکی سلێمانی دوکان، وێنەی(5) ئەشکەوتی جاسەنە لەپشتی گوندی کانی خان لە بناری یەکێک لە چیاکانی زنجیرە چیایی پیر مەگرون،.لەم ئەشکەوتەدا چاپخانەکە دادەنێن و یەکەم ڕۆژنامەی تێدا بڵاو دەکەنەوە بەناوی بانگی حەق لە ٢ی ئازاری ١٩٢٣.ڕۆژنامەی (بانگی حەق) بەیەکەم ڕۆژنامەی سەردەمی شاخ و زمانحاڵی شۆڕشی کورد دادەنرێت لە مێژووی هاوچەرخی کوردا، لەم ناوچەیەی کوردستان کە شوێنێکی گرینگ شۆڕشی باشوری کوردستان لە نیوەی دوهەمی سەدەی بیستەم بوە، ئەشکەوتێکی بەناوبانگ و دێیەکی وێرانکراوی بەجێماون. کوردەکان بە چاوی ڕێزەوە لە مێژوە پڕ لە شانازیی ئەو ئەشکەوتە دەڕوانن.زۆربەی ئەوانەی سەردانی ئەم ئەشکەوتە دەکەن قوتابیانی ناوەندەکانی خوێندنن لەسەر ئاستی سەرەتایی و ناوەندی، ئەمە جیا لەوەی گەشتیارانی تریش بەتایبەتی گەشتیارانی مەبەستی لە نزیکەوە بیبینی ئەشکەوتەکە سەردانی دەکەن، لە ڕێکەوتی 07/11/2025 ئەو شوێنە بۆ چەک دانانی پەکەکە وەک سیمبولی نیازپاکی بۆ پرۆسەی ئاشتی لە باکوری کوردستان و تورکیا بەکار هێنرا و لە گشت میدیاکانی جیهان ناوی (ئەشکەوتی جاسەنە)بڵاو کرایەوە و بە جیهان ناسێنرا ([22]).

وێنەی(5) ئەشکەوتی جاسەنە



سەرچاوە: 10-7-2025تۆێژەران

**پ-ئەشکەوتی کوڕ و کچ :**

دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای دوکان، لەپشت گوندی شۆڕناخی سەر بە ناحیەی سورداش، دەکەوێتە سەر ڕێگای گوندی گەورەدێ لە ناوچەی تەیناڵ، کە دەکەوێتە بەشی خۆر هەڵاتیەوە، شێوازی ئەشکەوتەکە هاوشێوەی ئەشکەوتی قزقاپانە،ڕەنگە هەردووکیان لەیەک سەردەم دروستکرابێت،ئەم ئەشکەوتە بۆ سەردەمی ماددەکان دەگەڕێتەوە، زۆرجار ئەوانەی سەردانی ئەشکەوتی قزقاپان دەکەن سەردانی ئەم ئەشکەوتەش دەکەن([23])

**ت-قەڵای سارتکە**

بە دووری 2کم دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای دوکان، لەسەر ڕووبەری 5000 م دروستکراوە، لەلایەن شازادە محەمەدی سۆران 1837-1813ز.دروستکراوە، بە دووری 64کم لە سلێمانیەوە دوورە لەسەر لوتکەی گردێکە و دەڕوانێتە سەر زێی بچووک، تاوەکو ئێستاش بەشێک لە شوێنەوار و تایبەتمەندیەکانی ئەم قەڵایە وەک خۆی ماوەتەوە، هەندێک ژوور تاوەکو ئێستا بەئاشکرا دیارن، بەرزیەکەی 120پێیە، لە ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیجی باش دروستکراوە([24])

## 5-گەشتوگوزاری چیایی

زنجیرە چیای پیرەمەگروون، دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای شاری سلێمانییەوە کۆمەڵێک گوند لەدامێنی شاخی پیرەمەگرون بەدەوریدا هەیە وەک گوندەکانی کانی بەردینە، چەقچەق، فەیاڵ، هەنارانی خوار و هەنارانی سەرو و قزلەر و شەدەڵەی سەر و شەدەڵەی خوار لەدامێنی سەروو. لە دامێنی خوارووی سۆتکە، سورگای سەروو، سورگای خوارو، قەمەرتلی، دارتو، پیسکنی و داربڕو، یاڵانقۆز، گردەبۆر، زێوێ، قەرەچەتان، سوسێ، حاجی تان، سابوراوە، چاڵاخ، حاجیئاوا، کانی شۆک([25]) ئەوەی کە ڕوونە چیای پیرەمەگرون لە سەرەتای شارستانیەتەوە لە ناو خەڵکی ناوچەکە و خەڵکانی دەرەوەی ناوچەکەش شوێنیکی تایبەتی هەبووە. ئەم شاخە دواتر کە کەس نازانرێت بە تەواوی لە چ مێژوویەکدا، ناوەکەی گۆڕاوە بۆ پیرەمەگرون. زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەو بۆچوونەن کەناوە نوێکە لەبنەچەدا ، لە ڕوانگەی شاخەوانیەوە بە دووەم لوتکە شاخی پیرەمەگرون دیاری کراوە کە بەرزییەکەی (2568)مەتر لە ئاستی ڕوی دەریاوە ، ئەم لوتکەیە لە ناوچەی زێوێ پێ دەڵێن پاشکێل و لە ناوچەی مێرگەپان پێی دەڵێن گەڕی کڵاو، نزکترین ڕێگا بۆ سەرکەوتن لە ڕێگای گوندی زێوێ یە، بۆ گەیشتن بەلوتکەی (p2) پێویستی بەشارەزای و ئەزموون هەیە لەبواری بەردەوانیدا لە زستاندا سەرکەوتنی سەختر‌ە، ئەم لوتکەیە لەلایەن دەستەی شاخەوانی لوتکەوە چەند جارێک بەسەر کراوەتەوە لە کەش و هەوا جیاوازەکاندا. ([26])

### مێرگەپان

گوندێکە کەوتۆتە ناحیەی سورداشی قەزای دوکان، سەر بە پارێزگای سلێمانی، لە ئێستادا گوند نەماوە، بەڵکو بۆتە شوێنێکی گەشتیاری، لە باکورەوە هاوسنوورە لەگەڵ گوندی هەڵەدن، لەباشوورەوە لەگەڵ گوندی پیرانی کانی قاز، لە خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ گوندی قەمچووغە، لە خۆرئاواوە لەگەڵ گوندی شەدەڵە([27])



وێنەی(6) مێرگەپان لە وەرزی بەهاردا
تۆێژەران 2025

مێرگەپان لە پشتی چیای پیرەمەگروونە بە دووری 31کم لە خۆرئاوای شاری سلێمانی هەڵکەوتووە، لە هاویندا بەفر کێشەکان لە پیرەمەگروون بەفری سروشتی بۆ گوندەکانی ناوچەکە دەهێنن، لەبەرجوانی و فێنکی ناوچەکە شوێنی پشوودان و دەریاچە و مۆتێل و کەپری گەشتیاری بۆ گەشتیاران و سەردانیکاران دروستکراوە

کەش و هەوایێکی دڵرفێن و سەرنجراکێشی هەیە، بە سروشتە جوانەکەی ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار ڕادەکێشێت، بەهۆی سروشتە سەرنجراکێشەکەیەوە، یەکێکە لەو ناوچە و شوێنانەی هەرێمی کوردستان کە هەر چوار وەرزی ساڵ گەشتیاران ڕووی تێدەکەن، جیاواز لە شوێنە گەشتیارییەکانی تری هەرێمی کوردستان، مێرگەپان بە دیمەنی جوانی لە پاییزدا دەناسرێت، هەروەها داری گەورەی ، وەک دار گوێز، قەیسی و چنار ناوچەکەیان تەنیووە، لە مانگی گەڵارێزاندا گەڵاکانیان دەوەرێت، و بەشێکی زۆری ناوچەکە دادەپۆشێت. هەڵکەوتەی جوگرافی و بوونی چەندین زنجیرە چیای گرنگ و زۆری درەختی جۆراوجۆری سروشتی و بوونی چەندین دەشت و دۆڵ و کانی و ئاوی سازگار پایە گرنگەکانی ناوچەی گەشتیاریان بەخشیوەتە ناوچەی توێژینەوە و هەرێمی کوردستان، ساڵانە سەدان گەشتیار لە مێرگەپان کەمپ دەکەن و چەند شەوێک


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12319]
- **Submission Date:** [03/10/2026], **Revised Date:** [03/10/2026], **Accepted Date:** [20/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

لەژێر ئاسمانی پڕ ئەستێرە و درەخت و شاخەکاندا بەسەر دەبەن([28]) مێرگەپان دەکەوێتە 30 کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای شاری سلێمانی، پەرەی پێدراوە و بووەتە هاوینەهەواری سەرسوڕهێنەر بۆ گەشتیارانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی. جگە لە دەریاچە بچووکەکەی و شاخەکانی بەفراوی، ئێستا هاوینەهەواری مۆتێل و شوێنی کەمپ و خزمەتگوزارییەکانی دیکە بۆ گەشتیاران پێشکەش دەکات.

**6-گەشتوگوزاری تاریک**

زاراوەی گەشتوگوزاری تاریک زاراوەیەکی نوێیە لە بواری ئەکادیمیدا. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە تیشک بخەینە سەر چەمکی گەشتوگوزاری تاریک و سەرهەڵدانی، هەروەها ئامانج و هۆکار و پاڵنەرەکانی پشت گرنگیدان بەم جۆرە گەشتوگوزارە کە بە تاریک یان ڕەش ناودەبرێت، لەبەر پەیوەندی بە لایەنە تاریک تراژیدییەکانی مرۆڤایەتییەوە وەک مەرگ و ئازار و توندوتیژی. گەشتوگوزاری تاریک یان ڕەش هەموویان ناوێکن کە دراون بەیەکێک لە شێوە نا باوەکانی گەشتوگوزار.
گرنگترین شوێنەکانی گەشتوگوزاری تاریک لە ناوچەی توێژینەوە

**1-مۆنۆمێنتی ئەنفال لە دوکان**

دەکەوێتە ناو سەنتەری شاری دوکان، تایبەتە بە ئەنفالی دۆڵی جافایەتی، لەسەر ڕووبەری ٣ دۆنم بنیادنراوە، ساڵانە لە بۆنە و یادە جیاوازەکاندا یادی ئەم کارەساتە دەکرێتەوە، ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران و گروپ و کەسانی جیاواز بەمەبەستی جۆراوجۆر سەردانی ئەم مۆنۆمێنتە دەکەن،ئەمەش بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاشنابوون بە کارەساتی ئەنفال و مێژووی کورد، بەتایبەتی خوێندکارانی خوێندنگا ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی گەشتی بۆ دەکەن، لە هەمانکاتدا کەسانی بیانی و ڕۆژنامەنووسە ئەورووپیەکانیش لە بۆنەکاندا ئامادەیی ئەم کارەساتە دەبن، ئەمەش بەشێکە لە چوارچێوەی گەشتوگوزاری تاریک([29])سەرچاوەیەکە بۆ ناساندنی جینۆساید، ئەم مۆنۆمێنتە دەبێتە یەکێک لە سەرچاوەکان بۆ ناساندنی جینۆسایدی کورد، هیواداریین بەردەوامبێت لەو پێناوەدا، چونکە گەلی ئێمە بە ناساندن و گفتوگۆی بەردەوام لەسەر تراژیدیاکانی لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دەتوانێت خۆی بپارێزێت لەئەگەری هەر پەلامارێکی تری هاوشێوەی ئەو تاوانانەی لەم ناوچەیەدا کراوە، پشتیوانی نێودەوڵەتی پەیدابکات بۆ ڕێگەگرتن لە ئەگەری کۆمەڵکوژی تر لە ئایندەدا([30]) وێنەی(7)

وێنەی (7) مۆنۆمێنتی ئەنفال لە دوکان



توێژەران 25-1-2025 مۆنۆمێنتی ئەنفال

گەشتوگوزاری تاریک پەیوەستە بەڕووداوە تراژیدی و کارەساتبارەکان، کاتێک کە بەسەر میللەتاندا دێت بەهۆکاری جیاواز، دواجار ئەمەش دەبێتە بەشێک لە شوناسی ئەو میللەتە، ئێمە هەمیشە پێویستمان بەوەیە مێژوو و یادوەری و رابردووی خۆمان لە یاد نەکەین، بۆ ئەمەش پێویستە سەرجەم توێژە جیاوازەکان، لە هەر سات و کاتێکدا بێت سەردانی ئەم مۆنۆمۆێنتە بکەن، لە نزیکەوە ئاشنای گەشتوگوزاری تاریک ببن، کە بەشێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی لەناوەندەکانی خوێندن دەخوێندرێت.

**2-گوندی سەرگەڵو و بەرگەڵوو**

گوندە دڵگیرەکانی ناحییەی سورداش و دۆڵی جافایەتی بەوە جیادەکرێنەوە، دیمەنەکانی وەك تابلۆیەك لە چوار وەرزی ساڵدا هەمیشە ڕازاوەیە، لە نێویاندا گوندی سەرگەڵو بەرگەڵوو، پێکەوە دوانەیەکی دڵگیریان دروستکردووە، گوندە سەرسەوزو فێنکەکەی

.

سەرگەڵوو بەرگەلوو زیاتر لە 50 کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانیەوە. گوندی سەرگەڵوو تەنیا لەرووی گەشتوگوزاریەوە بایەخێکی گەورەی نییە، بەڵکو وەك پەرتوکێکی مێژوییش شۆڕشەکانی کورد لە ڕابردوودا لەنێو ئەم گوندە تێپەڕیووە، تەنانەت بە کیمیایی و ئەنفال ئازار دراوە، بەڵکو ئەو خانووانە، ڕۆژگارێك بارەگای حیزبی بووە، ئێستا کراوەتە مۆزەخانە و

شوێنێکی گەشتیاری و چەندین کەپری تێدادروستکراوە،پریەتی لە شوێنەواری مێژووی گرنگ و ئەشکەوت و پاشماوەی تۆپ و فڕۆکە و ئەنفال. خورەی ئاوە سازگارەکەی و سێبەری دار هەنجێر و دار گوێز وایکردووە لەناوچەی دۆڵی جافایەتی، کە هەوارێکی دڵگیرەو خەڵکی لە ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان و شارەکانی عێراق.([31]) وێنەی(8)



**3-گوندی تەلان**

لە باکوورەوە لەگەڵ سەنتەری دوکان، لە باشورەوە گوندی سردی گەورە، لە خۆرهەڵاتەوە گوندی تەلانی خواروو، لە خۆرئاواوە گوندی دوو ئاوان هاوسنوورە، ئەم گوندە خاوەنی پاشماوەیەکی زۆر لە شوێنەواری ئەنفال و کارەساتەکانیەتی، کەم ماڵ هەیە خاوەنی کەسی شەهید و ئەنفال نەبێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی جیاواز و گەشتی گوندەکەمان بکەن، بۆئەوەی لە نزیکەوە شوێنەواری ئەم کارەساتە ببینن، بەتایبەتی ئەوانەی گەشتی ئەم گوندە دەکەن ڕاگەیاندنکاران بن، ئەمەش بە بەشێک لە چوارچێوەی گەشتوگوزاری تاریک هەژمار دەکرێت([32]) هەر یەکێک لەم گوندانەی دۆڵی جافایەتی سەر بە قەزای دوکان پاشماوە و شوێنەواری کارەساتی ئەنفالی تیادا جێماوە، کە بەشێوەیەکی بەردەوام لەلایەن سەرجەم چین و توێژەکانەوە سەردانی شوێنی کارەساتەکەی تیادا دەکرێت، کە بوونەتە بەشێک لە مێژووی گەلی کورد .

**پێنجەم : دەرئەنجام**

1- قەزای دوکان خاوەنی تۆپۆگرافیایەکی هەمەجۆرە (چیا، دەشت، دۆڵ) لەگەڵ سەرچاوەیەکی ئاوی ستراتیژی کە ئەویش دەریاچەی دوکان و زێی بچووکە .ئەم هۆکارانە بربڕەی پشتی گەشتوگوزاری ناوچەکەن و ڕێخۆشکەرن بۆ چەندین جۆری گەشتوگوزار.

2- دەرکەوتووە کە بەهێزترین جۆری گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا گەشتوگوزاری ئاوییە. بوونی دەریاچەکە وایکردووە چالاکییەکانی وەک (مەلەکردن، بەلەمسواربوون، و ماسیگری) ببنە ناسنامەی سەرەکی گەشتیاری لە قەزاکە

3-بوونی بنەما سروشتیەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە جۆراوجۆری گەشتوگوزار، وەک بوونی دەرامەتی ئاوی و ئاووهەوای جیاواز و بەرزی و نزمی .

4- کەرتی گەشتوگوزاری تەنها لایەنی سروشتی نییە، بەڵکو هۆکارێکی گرنگیشە بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری و ڕاکێشانی گەشتیاران، لەوانەش( بوونی شوێنەواری دێرین کە ناو و ناوبانگی ناوچەیی هەبێت، کە دەتوانرێت لێوەی هۆکارێک بێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیارانبۆ ناوچەکە، وەک هەبوونی ئەشکەوتی جاسەنە و ئەشکەوتی قزقاپان لە چەمی ڕەزان لە ناوچەی توێژینەوە، گرنگترین بنەماکانیش وەک ( دانیشتوان، توانستە مێژوویی و شوێنەواری و ئاینییەکان، توانستە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان، گواستنەوە )


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12319]
- **Submission Date:** [03/10/2026], **Revised Date:** [03/10/2026], **Accepted Date:** [20/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

**پێشنیار :**

1-پێشخستنی چالاکی گەشتوگوزاری لەرێگای چالاکی گەشتوگوزاری لەرێگای چالاککردنی ڕۆڵی میدیایی گەشتیاری و دابینکردنی ئامرازی کارامەیی بە جۆراوجۆرکردنی گەشتوگوزار و گەشتیار .

2-دابینکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر کە یارمەتیدەربێت بۆ دروستبوونی جۆرە جیاوازەکانی گەشتوگوزار بە درێژایی ساڵ، وەک ڕاکێشانی ڕێگاوبان و شوێنی مانەوە و خواردەمەنی و کات بەسەربردن .

3-هەرزانی نرخی کەپر و کابینە گەشتوگوزارییەکان، چونکە زۆرێک لە خاوەن ناوچە گەشتوگوزارییەکان، هاتنی وەرزی بەهار و ڕۆژانی نەورۆز و دواتر ئەمە بە هەل دەزانن بۆئەوەی نرخ لەسەر گەشتیاران زیاتر بکەن، چونکە نرخەکە جیاوازی تیادا بەدیدەکرێت.

4-بڵاوکردنەوەی هۆشیاری زیاتر و دانانی چەندین تابلۆ بەشێوازی گەورەتر و جوانتر، تاوەکو ئەوەی گەشتیارانی خوارو و ناوەراستی عێراق لە بەنداوی دوکان مەلە نەکەن، چونکە زۆرجار بەهۆی نە شارەزایی گەشتیار و نەبوونی تیمی فریاگوزاری خێرا، چەندین کارەساتی گیانی لێدەکەوێتەوە.

**سەرچاوەکان : کتێب :**


1-جاسم محمد محمد، دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2012.

2- هاوڕێ یاسین محمد امین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2011

3-نادر ڕۆستی، گەشتوگوزار نەوتی ئاییندەی کوردستانە، چاپخانەی خاجی هاشم، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2012 .

4-ئازاد محمد امین کاکەشێخ نەقشبەندی، جوگرافیای ئۆراسیا، بەرگی یەکەم ، هەولێر، 2018 .

5-د. عبداللە غفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2008.

6- لوقمان وسو عمر، بنەماکانی جوگرافیای گەشتوگوزار بە پراکتیزەکردن لە قەزای کۆیە، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر، 2009 .

7-نادر ڕۆستی، گرنگی جۆرەکانی گەشتوگوزار بۆ ئابوورییەکی بەهێز، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، چاپی یەکەم، 2021

8-نەبەز احمد عبدالرحمن، قەزای دوکان، شوێنەوارە مێژوویی و بایەخی گەشتیاریەکانی ، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2020.

محەمەد قەیتولی، ئەنفالی ناوچەی قادر کەرەم، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، ٢٠١٧، سلێمانی،

9- حسێن سۆران، ئەنفال لە مەنفاکانی ناسیۆنالیزمەوە بۆ کوشتنی زمان و جەستە، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، 2010، سلێمانی

10- سالار مەحمود، ئەنفال جینۆسایدی گەلی کوردستان، 2013، کەرکوک،


**دووەم : نامە و گۆڤارەکان :**


1-مهدی جلال مصطفی، قەڵای پاشا کۆرە، گۆڤاری هەزار مێرد، بەشی یەکەم، ژمارە 25، کانوونی یەکەم، 2006.

2-کوردستان کەمال، دۆزینەوەی نەخشێکی هەڵکۆڵدراوی دیکە لە چیای پیرەمەگروون، گۆڤاری هەزار مێرد، ژمارە 10، ساڵی سێیەم، کانونی یەکەم، 1999.

3- کەمال نوری مەعروف، تیشکێک بۆ سەر نەخشە هەڵکەندراوەکەی دەربەند گاور، گۆڤاری هەزار مێرد، ژمارە 4، ساڵی یەکەم، 1998.

4- زەردەشت، شاخی پیرەمەگروون شوێنەوارە دێرینەکانی لە پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە 1، ساڵی یەکەم.

5-نەبەز احمد عبدالرحمن، قەزای دوکان، شوێنەوارە مێژوویی و بایەخی گەشتیاریەکانی ، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2020.

6- کەمال ڕەشید ڕەحیم و هاشم حەمە عبداللە، دراسة تحليلية لمنحوتە مدفن قزقاپان، گۆڤاری هەزار مێرد، ژمارە 22، 2002.

7-نەبەز احمد عبدالرحمن، قەزای دوکان، شوێنەوارە مێژوویی و بایەخی گەشتیاریەکانی ، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2020.

8- کەمال ڕەشید ڕەحیم و هاشم حەمە عبداللە، دراسة تحليلية لمنحوتە مدفن قزقاپان، گۆڤاری هەزار مێرد، ژمارە 22، 2002.

9-شیروان عمر ڕشید، ڕۆڵی داهاتی ئاو لە پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژمارە 1، ساڵی شانزەهەم ، شوباتی 2008، ل 115.

10- پشتیوان علی محمد، شیکردنەوەی کاریگەری بەنداوی دوکان لەسەر سیستەمی ئاوی ڕووباری زێی بچووک لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، سلێمانی، 2010.

11- هەورامان کمال میرزا عبداللە، گەشەی دانیشتوان کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شاری دوکان سەیدسادق(لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە جوگرافیای شاردا) نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی،کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان،ساڵی 2023،

12-شیروان عمر ڕشید، بنەما جوگرافیەکانی و پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە) کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، زانکۆی سلێمانی، 2006.

13- شوان سعدی محمد ، هەڵسەنگاندنێکی جوگرافی بۆ خزمەتگوزاریە خۆشگوزەرانیەکان و پەرەپێدانی لە شاری دوکان، نامەی ماستەر(بڵاوبەکراوە)، زانکۆی کۆیە، 2022.
14-ئامانج جلال احمد، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، 2015، ل.
15 - شکور سەلام سلیم، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ چالاکی گەشتوگوزاری و دەرهاویشتەکانی لە قەزای دوکان، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە) بەشی جوگرافیا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، 2021

**سێیەم : چاوپێکەوتن**

1-چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : احمد عزیز، مامۆستا و شارەزا لە گەشتوگوزار و دانیشتوی دوکان، 2025/04/01. دوکان .
2- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: احمد علی، دانیشتوی گوندی عەوەڵان، 2025/9/14. گوندی عەوەڵان .
3- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : عثمان محمود، خاوەنی کەپری گەشتیاری، 2025/3/28، مێرگەپان .
4- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز : نووسەری بواری ئەنفال و خەڵکی گوندی تەلان: فاخیر تەلانی، 17-5-2025. گوندی تەلان .

چوارەم : المصادر العربية : محمد غنيم عثمان، التخطيط السياحي في سبيل تخطيط المكاني شامل و متكامل ، الطبعة الثانية، دار الصفا للنشر والتوزيع، عمان، 2015.

# Geographical basis of tourism types in Dukan district

**Abstract :**

Tourism is recognized as a new industry nowadays and plays an important role in the national economy and securing national income. Dukan district is one of the most famous tourist areas in the Kurdistan Region, which has many principles and natural and human resources such as lakes, rivers, mountains, natural forests, religious and historical sites, etc. The aim of our research is the geographical basis of tourism types in Dukan district, which are affected by natural and human factors. To achieve the aim of the research, we relied on descriptive and analytical, practices  methods using geographical information systems Natural and human resources are the main reasons for many types of tourism that can be used throughout the year and become a major factor in creating jobs and reviving the region, thus can continuously and without change, economic and social benefits Further domestic and foreign investment to strengthen national products by building large tourism communities in important tourist areas.

**Keywords** : Tourism,typesoftourism,natural and human resources, Dukan district.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12319]
- **Submission Date:** [03/10/2026], **Revised Date:** [03/10/2026], **Accepted Date:** [20/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

# الأساس الجغرافي لأنواع السياحة في قضاء دوكان

**الملخص :**

يُعتبر قطاع السياحة اليوم صناعةً حديثةً ذات دورٍ هام في الاقتصاد الوطني وتأمين الدخل القومي. وتُعدّ قضاء دوكان من أشهر المناطق السياحية في إقليم كردستان، لما تتمتع به من تنوعٍ في الموارد الطبيعية والبشرية، كالبحيرات والأنهار والجبال والغابات الطبيعية والمواقع الدينية والتاريخية وغيرها. يهدف بحثنا إلى تحديد الأسس الجغرافية لأنواع السياحة في منطقة دوكان، والتي تتأثر بالعوامل الطبيعية والبشرية. ولتحقيق هذا الهدف، اعتمدنا على المنهج الوصفي والتحليلي التطبيقي باستخدام نظم المعلومات الجغرافية. تُعدّ الموارد الطبيعية والبشرية من أهم العوامل التي تُسهم في ازدهار السياحة على مدار العام، وتُصبح عاملاً رئيسياً في خلق فرص العمل وإنعاش المنطقة، مما يُحقق فوائد اقتصادية واجتماعية مستدامة. كما نسعى إلى تعزيز الاستثمارات المحلية والأجنبية لدعم المنتجات الوطنية من خلال بناء مجتمعات سياحية كبيرة في المناطق السياحية الهامة

. **الكلمات المفتاحية:** السياحة، وأنواع السياحة، والموارد الطبيعية والبشرية، ومنطقة دوكان